ڕیپۆرتاج

# کۆڕێك دەربارەی زانیاری تەندروستی نەخۆشیی یەکانی ژنان لە یانەی میدیـــــــا" لە ئەمستردام





دیمەنێك لە کۆڕەکە

ئەنجومەنی ژنانی کورد لە ئەمستردام " میدیـــــا" ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی **2003/06/14** کاتژمێر **14. 00** دووی پاش نیوەڕۆ، دکتۆری بەهرەمەندی ژنی کورد، بەڕێز (دکتۆرە ژیان سەڕاج) ی بانگێشتن کرد و لەکۆڕێکی ڕووبەڕودا ژمارەیەکی بەرچاوی ژنانی کوردی ئەمستردام و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەر ئامادەبوون و سەرنج و بۆچوون و پرسیارەکانیان ڕووبەڕووی بەڕێزی کردەوە وهەندێ لایەنی نەزانراوی بواری پزیشکی نەخۆشی‌یەکانی ژنانی بۆ خستنە پێش چاو.





دیمەنێك لە کۆڕەکە

دکتۆرە ژیان وەك کەسێکی سەرکەوتووی ناو خێزانێکی ناسراو و نیشتمان پەروەری شاری سلێمانی سالأنێکە بە خاوخێزانەوە کەوتونەتە ناو وولأتی غەریبی و نامۆیی هۆڵەندەوە، ئێستا لە شاری لایدن دەژی و هەر زوو لێبڕاوانە توانی لێرەش تێهەڵبچێتەوە و بڕوانامەکەی بەرامبەر بکاتەوە و ئێستا لە دەزگای خاك GAK وەك پزیشك کار دەکات، لەم کۆڕەدا پەیمانی دا، وەك پسپۆڕێتی و شارەزایی‌خۆیی لە کۆڕێکی تردا و جارێکی تر لە بارەی کارەکەی و پەیوەندی کار و کۆمەڵگاوە بۆمان بدوێت.

"میدیـــــا" وەك کاری هەمیشەیی خۆی، یانەی هەمووانە و لە خزمەتی جالیەی کوردی‌دا لە هۆڵەندە، دروست بووە، هەمیشە ئاوڕ لە هەمووگرووپ وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە تاراووگەدا دەداتەوە، کێشەکانیان دەخاتە بەر باس ولێکۆڵینەوە و بە گوێرەی توانا و نەخشەو پلانی سالأنەی خۆی لە چالاکیەکانیدا بە سەریان دەکاتەوە.

**لە کۆڕەکەدا، لە لایەن مامۆستا کوێستان سەعید، بە ناوی ئەنجومەنی ژنانی کورد لە هۆڵەندەوە، ئاماژەی بە مەبەستی کۆڕەکەدا و ئەوەی ڕوونکردەوە، ئەنجومەنی ژنان لەوەتەی دامەزراوە، توانیوێتی کۆمەڵێك چالاکی هەمەچەشنە پێشکەشی ژنانی کورد بکات لە هۆڵەندە و لە چوارچێوەی یانەی "میدیـا"دا پەرەی بە خوێندنی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد داوە و شانبەشانی گروپەکانی تری ناو یانەی "میدیـا"، خومەتگوزاری یەکانیان پێشکەش جالیەی کورد دەکەن.**